وەزارەتی ڕۆشنبیری داوا لە کەناڵ و میدیاکانی ڕاگەیاندن دەکات هەواڵی توندوتیژی بڵاونەکەنەوە

وەزارەتی ڕۆشنبیری داوا لە کەناڵ و میدیاکانی ڕاگەیاندن دەکات هەواڵی توندوتیژی بڵاونەکەنەوە.

بەپێی ئاگاداری نامەیەکی وەزارەتی ڕۆشنبیری بەناو و واژۆی شەروان عەوڵا خورشید، بەڕێوەبەری گشتی سەر بەو وەزارەتە، کەوا گشت میدیا بینراو و بیسراوەکان پۆرتاڵەکانی ڕا یەڵە ئەلیکترۆنییەکان ئاگادار دەکرێنەوە کە خۆیان بە دوور بگرن لە بڵاوکردنەوەو ڕووماڵی هەواڵی تاوان و چۆنیەتی ئەنجامدانی لەلایەن ئەنجامدەرانییەوە بەجۆرێک کە بووەتە دیاردە و هەواڵی دووبارە و بەپەلە، کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی کردۆتەسەر دەروونی هاووڵاتیان و ڕێگە خۆشکەرە بۆ چۆنیەتی فێربوونی کەسانی تر بۆ ئەنجامدانی تاوان.